# گەنجێكی سەرۆكی حكومەت و گەنجانێكی بیٚ حكومەت ..!

بەهێز حوسێن
Bahez2006@hotmail.com



هەموومان پێمان خۆش بوو كە كاك نێچیرڤان بارزانی وەك گەنجێك پۆستی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی وەرگرت ، ئومێدێكی گەورەشی لای گەنجانی كورد پەیداكرد كە ئەم گەنجە لە هەرەمی دەسەلاّتی تەنفیزی هەرێمدا بە جۆرێك كاردەكات كە چیتر (گەنجان) ئەو توێژەی سالاّنێكە دەسەلاّت لە شەڕ و دەنگداندا نەبێت لە هەموو ڕوویەكەوە فەرامۆشی كردبوون ، گرنگیان پێدەدرێت و بەهرەمەندیان دەكات بە ئازادی و لەبارکردنی زەمینەی داهێنان بۆیان و ...هتد . كردنەوەی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە حكومەتی هەرێمدا یەكێكە لەو بایەخانەی حكومەتێكی سەرۆك گەنج دەیدات بە گەنجان ، بەلاّم پێموایە كاركردن بۆ گەنجی كورد زۆر لە وەزارەتێك زیاتر ی پێویستە ، چونكە گەنج لە ولاّتی ئێمە ئەوەندە كێشەی هەیە و ئەوەندە لە فەزایەكی خراپدا پەروەردە بووە كە ڕەنگە بەتەنیا ئەو وەزارەتە تایبەتمەندە كێشەكانیان چارەسەر نەبێت .

ڕاستە سەرۆكی حكومەتەكەمان گەنجە ، بەلاّم گەنجان وا هەستناكەن كە ئەم گەنجێتییە شۆڕبوبێتەوە بۆ ئۆرگانەكانی ئەو حكومەتە ، هەربۆیە گەنجانمان بێئومێد لە ژیانی گەنجانە لە كوردستاندا ، ولاّت جێدەهێلّن و بەرەو ولاّتانی تر سەر هەلّدەگرن .

بەم دواییانەش كە سەرۆكە گەنجەكەمان لە لایەن فۆرمی ئابووری جیهانەوە بە یەكێك لە گەنجە چالاكەكانی بواری ئابووری و بازرگانی لە سەرانسەریی جیهاندا دیاریكرا ، ئەوەندەی تر دلّی گەنجانی كوردستان بریندارابوو ، بۆ ئەوە نا كە گەنجێكی كورد لەو فۆرمەدا پێشەنگ بووە ، بەلّكو بۆ ئەوەی كە ئاخۆ ئەگەر ئەم حكومەتە سەرۆك گەنجەی مەرخۆمان بواری بۆ گەنجانی بەهرەمەندی كوردستان برەخساندایە و گەنجەكانمان لە كەشێكی تەندروستدا بژیانایە ئەوا ڕەنگە لەپالّ كاك نێچیرڤاندا و لە هەمان فۆرمدا دەیان گەنجی تری كورد وەك چالاكترین گەنجانی بواری ئابووری و بازرگانی دیاریبكرانایە .

بۆیە پێموایە كە كاك نێچیرڤان وەك سەرۆكی حكومەتی هەرێم ئەكەكانی سەرشانی لە هەر سەرەك وەزیرێكی تری پێشووی هەرێم گرانتربێت ، چونكە وێڕای ئالّۆزی بارودۆخەكە و كێشە باوەكانی بەردەم حكومەتی هەرێم ، وەك سەرۆكێكی گەنجیش ئەركی بەرەوپێشڤەچوونی ژیانی گەنجی ئەم ولاّتەی لە ئەستۆیە بە پەروەردەكردنیچكی زانستیانەی دروست و ڕەخساندنی هەلی داهێنانی زەوەند بۆ گەنجان و گەنجكردنەوەی كۆمەلّگەی كوردستان و ئۆرگانەكانی حكومەتی هەرێم.

بەڕای من گرنگ نییە سەرۆكی حكومەت چەند بەتەمەن گەنج بێت ، بەلّكو گرنگ ئەوەیە تاچەند بە بیركردنەوە و كاركردن و بەرنامە و پرۆژەكانی گەنجە و تا چەندیش كار بۆ گەنجی ئەم ولاّتە دەكات .

گرنگ ئەوەیە تێبگات كە گەنجانمان بۆ ئەم حكومەتە بە دامەزراوەیەكی نامۆ بە گەنجایەتی خۆیان دەزانن و بۆچی ئاوارەی ولاّتانی تر دەبن و بۆچی ناڕازین !؟

گرنگ ئەوەیە ئەم سەرۆكە گەنجە بسەلمێنێت كە بەڕۆح و بە بیركردنەوە گەنجە و خومێتی گەنجایەتی گەنجەكانمان پەرە پێبدات و خزمەت بە گەنج بكات .